

# کڵاوی سەر بۆ خانمانی کوردستان

لەمـــۆدە و کەرەســـتە و جوانـــکاری کـــوردان، ڕێگەی کـــراوە هەن بۆ هەڵبژاردنی گشـــت ئێکســـوارەکان، یان مۆدەیەکـــی تایبەت کە گۆڕانکاری بەســـەردا بکرێ، ئەمەش وەك هەنگاوێك کە خانمان ئازادن لەوەی گۆڕانکاری لەســـەر شـــێوازی جوانیان بکەن، تەنانەت دەتوانین لەهەڵبژاردنی ئێکسسوارەکان ڕێگەی تازە بگرینە بەر، ئەویش بەتێکەڵی نێوان دوو کەرەســـتە یان ئێکســـوار، بۆ نموونە دەتوانین کڵاوی سەری کوردی لەگەڵ ئێکسسواری مۆدەی کۆن یان تازە- ڕێکبخەین، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تازە و تێکەڵکراو لەنێوان مۆدەی پێشوو و ئێستادا، کڵاوی سەر لەگەڵ کراسی کوردی یەکێکە لەو ستایلە جوانانەی کە لەپێشوودا خانمانی کورد بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان لەســـەریان دەکرد، بەم دواییە ئەو مۆدیە سەری هەڵداوەتەوە کە شایستەیی و کارامەیی پێوە دیارە، چونکە بەشـــێکی جوانی لە خۆیدا دەبەخشێ و دەتوانین سوودێکی گەورەی لێ ببینین، کڵاوی ســـەر جوانترە لەقوماشێکی نەرم دروستکرابێ، هەروەها بەدانانی ئێکســـواری زیوو کە ڕەنگەکەی لەڕەنگی کڵاوەکەوە جیاواز بـــێ، واتە هەمان ڕەنگ نەبێ، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی شایســـتە و جـــوان، لەگەڵ کڵاودا جوانی کراســـەکە زیاتـــر دەردەکەوێ بەمەرجێك هەردووانیان هاوڕەنگ بن و یان ڕەنگەکانیان لەیەکتر نزیك بن.

## ئێکس





ئێکســـوارەکان بەگشـــت جۆرەکانیانەوە دەتوانن کاریگەری خۆیان دەربخەن بەســـەر هەر مۆدە و ستایلێکی جلوبەرگ یان لەسەر جەستەی خانمان، ئەمەش وەك یەکێـــك لەو هەنگاوە ســـەرەتاییانەی کە دەکرێ لەڕێگەی ئێکســـوارەوە بـــەدی بکەین، ئەویش بەســـوود وەرگرتـــن لەجوانی ئێکســـوارەکان، بۆ دوو هۆکار، یەکێکیان بۆ دەرخســـتنی جوانی پێســـت و جەستە، ئەوەی دیکەش بۆ گونجاندنی ئێکســـوارەکان لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگ، یان شاردنەوەی بەشێك

## تەس

ئامادەکردنی: ساریە پشدەری

**هەر لەســـەردەمەکانی پێشـــوو کچان گرنگیەکی زۆریان بەخۆڕازاندنەوە داوە، چ لەڕووی ڕووخســـار یاخود قژیانەوە بێت، بەتایبەت شێوە و بەستنی قژیـــان لەلا زۆر گرنگ بـــووە و بایەخیان پێداوە. بۆنموونە لەســـەردەمی**





# ڕەنگی قاوەیی و زێڕی بۆ ماکیاژی پشت چاو



گشت جۆرەکانی ماکیاژ بەشێکن لەهەڵبژاردنی ستایلی جوانی لەلایەن خانمانەوە دەبێ پەیڕەوی بکەن و لەگەڵ ئەو جۆرە ماکیاژە خۆیان بگونجێنن کە گونجاو دەبێ، بەڵام هەڵبژاردنەکە لەگەڵ مۆدەی ســـەردەم و شێوەی جەستە یان ڕووخساریان گونجاو بێ، چونکە نەبوونی گونجاندن و ڕێکخستن دەبێتە هۆی نەشیاوی لەماکیاژەکە، پشت چاوەکانیش هیچ هەڵەیە قبووڵ ناکەن، دەبێ بەپێی یاسا و ڕێسای خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی، بەهۆی ئەوەی ڕەنگێك و ماکیاژێکی هەستیارە و بەرچاوە، هەر هەڵەیەك هەبێ دەبێتە شـــێواندنی ماکیاژی ڕووخسار بەگشتی. بەهای ماکیاژی پشـــت چاو، هێمایەکە بۆ ناســـاندنی ڕەنگێکی دیکەی چاو کە لەکاتی چاو داخســـتنەوە ئەو مۆدیە دەردەکـــەوێ، بەمەش دەبێتە ڕێگەیەکی شـــیاو تاوەکو ڕەنگێکی گونجاو هەڵبژێرین بۆ پشـــت چاو. چەندین ڕەنگ هەن دەتوانین بەکاریان بهێنین بۆ ڕەنگی پشـــت چاو، بەڵام دەبێ گونجاو بێ، یان لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژی ڕووخســـار یان لەگەڵ ڕەنگی چاو یەك بگرێتەوە، یان دەکرێ ڕەنگێکی دیکە بێ بەمەرجێك ئەو ڕەنگە سەرنجڕاکێش و کراوە بێ، یەکێك لەو ڕەنگانەی کە زیاتر بەکاردەهێنرێ لەوەرزی هاوین بەتایبەت بۆ بۆنە و شوێنە گشتیەکان، ڕەنگی قاوەیی و زێڕی تۆخە بۆ ڕەنگی پشت چاو، لەکاتێکدا چەندین ڕەنگی دیکە هەن بۆ وەرزی هاوین گونجاون، بەڵام ئەوەیان زیاتر کاریگەرتر و جوانی خۆی دەردەخات، نهێنیەکی ئەو ڕەنگە لەوەدایە کاتێك ژوورەوەی پشت چاوەکان بەبریقە دەبێ و تا سێ بەشی چاو دواتر تۆخ دەبێ و بریقەکەی کەم دەکرێتەوە، ئەمەش وادەکات گەورەترین جوانی نیشان بدات.

## ـــــــــسواری ئەنگوستیلە لەشێوەی گوڵ و پەپوولە











لەجوانی جەستەدا. ئەو ئێکسسوارانەی زیاتر بەرچاو و کاریگەری خۆیان هەیە، ئەویش ئەڵقە و ئەنگوســتیلەی پەنجەی دەستە. وەك ئێکسسوارێکی بچووك و جوان، دەتوانێ ســەرنجڕاکێش بێ، کە ئاراســتەیەکی جوانی خۆی نیشان بدات و لایەنەکانی دیکەی جەســتە و جلوبەرگ فەرامۆش بکەن و چاوەکان لەسەر ئەو ئێکســـوارە بن، زیاتر کچان ئێکســـواری ئەنگوستیلە لەدەست دەکەن، تا ئەو کاتەی دەبن بەهاوســەرێك ئەوکاتە ئەڵقە لەپەنجەیان دەبینرێ، بەڵام جوانی ئەنگوســتیلە، جوانییەکی کراوە و نمایشــێکی بەهێــزی هەیە، بەهۆی ئەوەی لەپەنجەکانی دەســتە، کە دەســتیش هەردەم دیارە، وەکو ئێکسسوارەکانی دیکە نییە بۆ ماوەیەك دەربکەوێ، دوو شێوەی جوان هەن تا ئێکسسواری ئەنگوستیلە لەسەری هەڵبژێرن، ئەویش شێوەی (پەپوولەو گوڵ)ـە، هەر یەکە لەم دوو شێوەیە درەوشانەوەیەکی بەئەمەکیان پێوە دیارە، لەسایەی ئەو دوو شێوەیە دەتوانین سوود لەجوانترین ئێکسسواری ئەنگوستیلە بۆ پەنجەی خانمان دابین بکرێ.

## ـــــــــریحەی قژ

**فیرعەونیەکان شــێوەی جۆراوجۆری تەســریحە بەســتن هەبووە هەتاوەکو ئەمڕۆکەش ســەدەها ساڵ شێوەی نوێ دەردەکەوێت، جوانی تەســریحە تایبەتە بەجوانی ڕووخســاری ئافرەتانەوە، مۆدەی تازەش چەندین مۆدەی جوان و شایستەن، کە دەکرێ سوودێکی گەورەی لێوە ببینین لە ڕازاندنەوە و بەستنی قژ ئەمەش لەرێگەی هەڵبژاردنی چەندین تەسریحەی جیاوازەوە.**







**ئــەوەی لێرەدا گرنگە ئافــرەت بزانێت چ جۆرە تەســریحەیەك بۆ ئــەو گونجاوە لەڕووخســاریان دێتەوە، هەروەها بگونجێت بۆ ئەو شوێنەی کەبۆی دەچێت بۆنموونە: ئاهەنگێڕان، میوانداری، یاخود دەرەوە. دانانی تەسریحەی قژ بەجوانیەکی تایبەت ئەمانەش دواین شێوەی جوانی تەسریحەی قژن کە خانمان و ئافرەتان دەتوانن ســوودی لێوە وەربگرن و ببێتە مۆدەیەکی ڕازاوە بۆ جوانی قژی خانمان.**

## سەکۆ و ڕەفەی دیوار، ماڵەکەت ڕازاوەتر دەکەن

شێوازی ڕازاندنەوەی دیکۆری ماڵ، لەگەورەترین هەنگاوەکانە کە پێشکەشی ماڵ دەکرێ بەجۆرێك دیمەنێکی ســەرنجراکێش و کراوەی هەبێ، هەندێك جار هەنگاوێکی بچووك ئەنجامی جوانییەکی گەورە و بەماڵەکەت دەبەخشێ، وەك دانانی ئێکســـوار و پڕکردنەوەی شوێنی بۆشـــایی لەدیکۆری ماڵ بەگوڵ و گوڵدان و دانانی ســەکۆ و یان کەرەســـتەی گونجاو لەشـــوێنی پێویســـت، هەنگاوێکی بچووك هەیە، کە دیمەنێکی گەورە و شایستە دەبەخشێتە دیکۆری مـــاڵ، ئەویش دانانی ســـەکۆ و ڕەفی دیوارە، کە لەڕێگەی ئەو ســـەکۆ یان ڕەفەوە، وەك نمایشـــێکی بەردەوام لەجوانی خۆی بەردەوام دەبێ، کاتێك لایەنێك لەدیکـــۆری ماڵدا چۆڵ دەبـــێ، وەك بوونی لایەکی ژوورێك کە کەرەســـتە و شـــتومەکی کەم لێ بێ، دەتوانین ســـوود لەو بۆشاییە وەربگرین، یان کۆڕنە و قوژبنەکانی ماڵ کە هەندێکیان پێویستیان بەئاوەدانی هەیە، بۆیە دەتوانین ئەو کارە بەئاسانی و ســـادەیی جێبەجێ بکەین، ئەمەش بەدروستکردن یان هێنانی ڕەفە و ســـەکۆی دار یان لەکەرەستەی دیکەوە دروست کرابێ، لەدیوارەکە بدرێ بەڵام بەشێوەیەکی جوان و دروستەوە، دواتر سەر ئەو سەکۆ و ڕەفانە بەکەرەستەی جوانەوە بڕازێنرێتەوە وەك: گوڵـــدان و کتێب و وێنەی بچووك، مەرکانی بەتاڵ یان هەر ئەو کەرەســـتانەی وەك ئێکسسوارێك بەکاردەهێنرین و دەبن بەمۆدەیەکی شـــیاو، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە لەژوورێکدا نابێ دوو سەکۆ یان ڕەفە هەبێ، چونکە جوانی ژوورەکە دەشێوێنێ!





## کولێرەی تەندور

کولێرە، جۆرێکە لەو خواردنە خۆش و بەجۆشەی کە لەکۆنەوە کورد ئەو خواردنە سەرەکییەی وەك یەکێك لەخواردنە خۆشەکان داناوە، کولێرە لەشێوەی نانە و تەنانەت شێوەی بچووکتر و گەورەترە، دوای ئەوەی ئارد دەهێنرێ و دەکرێ بەهەویر و پاشان تەندور گەرم دەکرێ، کە دەبێ ئاگرێکی بەهێز و نزمی هەبێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شێوەی کولێرە گەورەیە و ناوەوەی هەیە، مەبەستیش لەوە تاوەکو ناوەوەی کولێرە ببرژێ، دوای ئەوەی هەویرەکە ئامادە دەبێ و دەکرێ بەئەنگوتکی گەورە و خڕ، دواتر بەقاڵبێکی خڕ دەخرێتە ناو تەندور و تاوەکو جوان دەبرژێ، پاشان دەهێنرێتە دەرەوە دواتر





## شەنە و بەباکردنی دانەوێڵە!

**ڕەوەند بەختیار**

دوای ڕەنج و ماندووبوونی پایز و زستان و بەهاری جووتیاران و دورینەوەی بەروبوبووم و بەرهەمە کشتوکاڵەکانیان وەك گەنم و جۆ لە وەرزی هاوین و کۆکردنەوەی خەرمان، بۆ ئامادەکردنی گەنمێکی بەسوود بۆ کردنی بە دانەوێڵە پێویستی بە شەنە و بەباکردنی ئەو گەنمە هەیە، ئەو قۆناغەی ئامادەکردنی گەنم دوای وشکبوونی گوڵی گەنم و دورینەوەی دێت، پاشی دروێنەش کۆ دەکرێتەوەو دەکرێتە خەرمان لەپاشاندا لەجۆخین هەڵدەگیرێ، پێش بەکارهێنانیشی ئەو کاتە شەنەبا و بەربا دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو مادانەی کە بۆ دروستکردنی دانەوێڵە بێ کەڵکن بەهۆی سووکیانەوە لەگەڵ باکە گەنمەکە جێبێڵن، ئەو مادانەی کە لەگەڵ بەرباکردنەکە دەڕۆن زیاتر پارچە قەسەر و هەندێ جار زیوان لەوانەیە بەردیشی تێدابێت، پاش ئەو قۆناغە گەنمەکە ئامادەیە بۆ کوڵان و بردنە ئاش و کردنی بە دانەوێڵە، لەدوای شەنەکردن دەتوانین ئەوەی دەمێنێتەوە بکرێتە خواردنی گیانداران وەك: کا و کوزر و پاشماوەی دیکە، یان ئەو دانەوێڵەیە بەبا دەکرێ و زیاتر لەو کاتە ئەنجام دەدرێ کە بای شەماڵ دەبێ، چونکە بایەکی نەرمە و دانەوێڵەکە جیاواز دەکاتەوە و پاشماوەکەش ناڕوات لەگەڵ نەرمی با، ئەمەش وادەکات کە جووتیاران ئەو کارە بکەن و کە بەئاسانی و گۆرانی گوتنەوە بەیەکەوە کارەکە ئەنجام دەدەن، تا ئەو کاتەی هەست دەکەن دانەوێڵەکە بەتەواوی جیابۆتەوە و ئامادە دەبێ بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتن.

## حەپسە خانی نەقیب بناسە

کوردستان بەچەندین ئافرەتی هەڵکەوتوو و کارامە بەناوبانگە، بگرە لە لاپەڕەکانی مێژوو تاوەکو ئەمڕۆش ڕۆڵی ئافرەتان دەستێکی باڵایان هەیە لەگشت بوارەکان، لەوانە: سیاسەت، هونەر، وەرزش، خوێندن و چەندین لایەنی دیکەش. لەمێژوودا چەندین کەسایەتی بەناوبانگ هەن کە کەسانی ئێستا ڕەنگە بەتەواوی زانیاریان نەبێ، یەکێك لەوانە کەسایەتی کوردی باڵا (حەپسە خانی نەقیب)ە، ئەو خاتوونە لەساڵی (١٨٨١) لەشاری سلێمانی لەدایك بووە و هەر لەهەمان شار گەورە بووە و لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر بووە، باوکی حەپسە خان شێخ مەعروفی نەقیب بووە، حەپسە خان چەندین سیفاتی سەیر و بەهێزی هەبووە لەوانە ئازایەتی و دڵێکی جوان و قسە خۆش بووە، کە بەیەکێك لەخانمە بەناوبانگەکانی ئەو شارە دادەنرا، ئەوەی سەیر بووە ئەو خانمە وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بووە کە ئافرەتانی دیکە سەردانیان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، یەکێك لەچالاکیە گەورەکانی ئەو خانمە دامەزراندنی ڕێکخراو یان لیژنەیەکی ئافرەتان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ کەسانی کەم دەرامەت و بێنەوایان، کە ئەمەش لەساڵی (١٩٤٢) ڕوویداوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری کردووە لەچالاکی نەتەوەیی و سیاسی و بەرگریکردن لەمافەکانی نەتەوەی کورد، بەتایبەت لەڕاپەڕینی کوڕە مامی کە (شێخ مەحمودی نەمر)بووە، حەپسەخان شووی کردووە بەشێخ قادر حەفید کە ئەویش ئامۆزای خۆی و برای شێخ مەحمودی نەمر بووە، حەفصەخان لەبواری ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لەناردنی نامە و پەیام و بەیاننامەکان بۆ گشت شارەکانی کوردستان و چەندین وڵاتانی جیهان، لەساڵی (١٩٥٣) بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەشی لەگۆڕستانی (سەیوان) نێژراوە.



ڕۆنی لێدەدرێ، کە ئەو ڕۆنە لەکەرەی کوردی دروست دەکرێ، ئەویش بەفلچەیەك یان بەدەست لەسەرەوەی کولێرە برژاوەکە دەدرێ، ئەمەش وەك تام خۆشـــکردن و تاوەکو سەرەوەی کولێرەکە بپارێزرێ لەڕەق بوون و وشك بوون. کولێرە لەسەرتاپای کوردستان دەکرێ، ئێستاش لەشار و گوندەکان ئامادە دەکرێ و خواردنێکی خۆشـــە، زیاتر بەیانیان دەخوردرێ لەگەڵ چای، بەناوبانگترین کولێرە، لەکوردستان بریتییە لەکولێرە بەڕۆنی کۆیە، کـــە ئەوەندەی بخۆی لێوەی تێر ناخـــۆی، چونکە کولێرە بەڕۆنی کۆیە دەخرێتە ناو کورەوە، ئەویش کە پێکهاتووە لەکورەی بەردینی لەشـــێوەی تەندور وایە، بەڵام ئاگری خۆشـــتر و جوانترە بۆ برژاندنی کولێرەکە، ئەو ڕۆنەی دەخرێتە ســـەر کولێرە زیانی نییە، چونکە لەکەرە دەردەهێنرێ و سوودێکی گەورەی هەیە بۆ مرۆڤ.



## شووشـــــــە خۆر!

لەیەکێك لەکارە سەیرەکان کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات ئەو پیاوەیە لەوڵاتی چیـــن دەژی، کە خواردن و خۆراکی جیاوازە لەمرۆڤی ئاســـایی و تەنانەت ئەوەی بزانی ئەو کەســـە چی دەخوات، لێی دەترسێ و نزیکی نابێ. بەپێ هەواڵێکی ڕۆژنامەی (هاونتسو شیباو)ی چینی، جووتیارێکی دانیشتووی ناوچەی یۆنان لەباشـــووری چین، بەهرەکانی خۆی نیشانی خەڵك داوە کە دەتوانێ شووشـــە بخوات و بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەردا بێ. ئەو جووتیارە نـــاوی (خۆن یۆنهۆن)ـە و لەتەمەنی (١٤) ســـاڵیەوە ئـــەو کارە دەکات و بەشووشـــە خۆر بەناوبانگە. لەوێنەکاندا بەرداخێکـــی تەواو نۆش دەکات و تەنانەت نە دەمی نە گەدەی شـــتێکی بەســـەر نایەت، بەگوێرەی ژماردنی خۆی تا ئێستا نزیکەی (٨٠٠) گلۆپی خواردووە.


## تـاوەری ئیڤل گەیشتە چین!


**وڵاتی چین بەوە ناسراوە کە دەتوانێ هەموو شتێك لاسایی بکاتەوە و تەنانەت دووبارە دروســـتی بکاتەوە و بە شـــێوەیەکی جوانتریش، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەی لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەدەستی هێناوە. وەکو دەزانین تاوەری (ئیڤل)ی لە شـــاری پاریسی وڵاتی فەڕەنســـایە، ئەو تاوەرە مێژوویەکـــی کۆنی هەیە و تەنانەت کەس نازانی چۆن دروســـت کراوە، وەك هەنگاوێکی سەیر و جوان، تاوەکو چینییەکانیش لە جوانی تاوەری ئیڤل بێبەش نەبن، بۆیە هەڵســـاون بە دروست کردنی تاوەرێکی هاوشێوەی تاوەری ئیڤل لە شـــاری (تشۆتشۆ) لە هەرێمی گەبی لە وڵاتی چین دروست کراوە، واتە ئەگەر سەردانی ئەو شوێنە بکەیت هەمان تاوەری ئیڤلی فەڕەنسی لەوێـــوە دەبینی. ئەو تـــاوەرەی چین نزیکەی (١٠) ساڵی خەیاندووە تاوەکو دروســـت کراوە، تەنانەت چەند مەترێك لە تاوەری ئیڤلی راستەقینە کورتترە.**



## کراسەکەی (کیم)یش دڕا

ماوەیەکە چەندین حاڵەتی ســـەیر بەســـەر خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژەکانی جیهان ڕوودەدات، ئەویش کاتێك بەشـــداری لەبۆنە گشتییەکاندا دەکەن بۆ وەرگرتنی خەڵات یـــان تەنیا وەك میوانێك لەفیســـتیڤاڵ و ئاهەنگە تایبەتەکاندا ئامـــادە دەبن، (کیم کارداشیان) ئەو ئەستێرە تەلەڤزیۆنیەی کاتێك بەشدار بوو لەبەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کە ناوی (جیمی کەمێل)ـە، بەرنامەیەکە پێشوازی لەهونەرمەندان و خانمە ئەکتەرەکان دەکات، لەو کاتەی کیم دێتە بەرنامەکە بەهۆی تەسکی کراسەکەی و قەڵەوبوونی لەو ماوەیەی ڕابردوو، بۆیە کراسەکە لەدواوە دەدڕێ و تووشی حاڵەتی سەیر دەبێت. ئەوەی جێگەی سەیرە کیم هیچ خۆی تێکنەدا و بەجلی دڕاوەوە بەشداری بەرنامەکەی کرد، وەك ئەوەی هیچ ڕووینەداوە. شـــایەنی باســـە وێنەی دڕانی کراسی کیم لەزۆربەی سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی جیهان بڵاوکرایەوە.





# هەڵەیەکی هونەری!

لەیەکێـــك لەفیلمە مێژووییەکاندا، لەدوای ئەوەی فیلمەکە تـــەواو دەبێ، و کە هەڵەیەکی هونەری ڕوویداوە، ئەویش کاتێك یەکێك لەئەکتەرەکان لەکاتی شـــەڕکردندا جلەکەی دەستی بەرز دەبێتەوە و کاتژمێرەکەی دەســـتی دیار دەبێ، کە لەبیری چووە کاتژمێرەکەی دابکەنێ و تـــا لەوێنەکاندا دەرنەچن، بەڵام ئەوەی ســـەیرە کەس لەئەکتەرەکان و تەنانەت دەرهێنەریش ئاگاداری ئەو حاڵەتە نەبووە تا دوای دەرچوونی فیلمەکە و کە بینەر ئەو هەڵەیەی زانیوە.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی هاوینەهەوارێکی کوردســـتانت بۆ دەربچێ.

د ن ا ی و ن ج

وەڵامی ژمارەی پێشوو: ( قالەمەڕە)




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەوەندە مێشکت بەشـــتی لاوەکی خەریك مەکـــە، ڕەنگـــە باری تەندروســـیت ڕوو لەخراپی بێـــت، دڵی خۆشەوییســـتەکەت مەڕەنجێنە کە دەزانی پێویستیت پێیەتی.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تـــۆ کەســـێکی کە هەمیشـــە بـــڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکان، بەڵام ئەمـــڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویســـتەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەوەندە بـــە تەماعیت کە دەتەوێت بەزووترین کات ببیتـــە خاوەنی گەورەترین ســـامان و داهـــات، ئەمەش بۆ هیچ کەســـێك ڕووی نەداوە تا بۆ تـــۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیـــت و فشـــارێکی زۆر دەخەیتە ســـەر خۆشەویستەکەت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەهۆی بەهێزی توانات چەند پرۆســـەیەك ئەنجـــام دەدەیـــت کە ســـوودێکی زۆرت پـــێ دەگەیەنێـــت، لەبـــواری داراییدا ئاســـوودەییەکی زۆر لە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشت پیشـــکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەهۆی ئـــەو هەوڵانەی کـــە ماوەیەك لەمەو پێـــش ئەنجامت دابـــوو لەبواری کارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودی لێوەربگریت، ئەو کێشـــەیەی کە تووشت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئـــەو کێشـــەو گرفتانەی کـــە ماوەیەکە هەتبوون وردە وردە بەرەو نەمان دەچن، دەمەقاڵێـــت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویستەکەت ڕۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێ.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێراوە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

□ □ □ □ □

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (باڵندەیەکی ترسناکە و چاوی تیژە و بەهێزە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی سوود)
- پیتی خانەکانی (٦+٢+٣+٤) کۆبکەیتەوە بەمانای (نازناوی دار و دەستەی هیتلەر چی پێدەگوترا)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦)کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی ژێر بۆ خانوو)





## تابلۆیەکی جیاواز

ئەمە دەبێتە یەکێك لەسەیرترین و جیاوازترین تابلۆکانی جیهان، چونکە لەگەڵ ئەوەی تابلۆی دوو منداڵە لەباوەشی یەکتر، کەچی ئەگەر بە وردی لێوەی نزیك بیتەوە، لەناوەوەی ئەو تابلۆیە (١٣٠) تابلۆی بچووکی دیکە وێنەی کێشراوە، گشت لەو تابلۆیانەش مانایەکی تەواوی هەیە و دەبێتە ١٣١ تابلۆ لەوێنەیەکدا.

## دیوانە شیعر



**سالم دەڵێ:**

**ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەڕابی هێنا**
**دڵ خیرە ما لە حێرەت مەه ئافتابی هێنا**
**یەک زەڕڕە عەکسی پرتەو، دەرکەوت و تووری سووتاند**
**ئاوێنە سەخت ڕووبوو، لەو عەکسە تابی هێنا**
**تیماری چاکی سینەم، ڕاجع بە چاوی مەستە**
**بەختیش موافیقی عەشق، بۆ من خەرابی هێنا**
**یارم لە ئەندەروون هات، دەستی ڕەقیب لەدەستا**
**غەمناک و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا**
**بۆ تۆبە سووی مزگەوت، هاتم بچم لە ڕێدا**
**بۆ کۆیی مەی فرۆشان، عەزمم شتابی هێنا**
**ڕوو هەر لەمن ئەپۆشی، وا حاڵیە کە جبریل**
**هەر خاسە بۆ من و ئەو، ئایەی حیجابی هێنا**
**وەی وەی چ مەجلسێ بوو، دوێنێ لە دەبدەبەی دڵ**
**دڵبەر شەڕابی گێڕا، «سالم» کەبابی هێنا**

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

**ونێەی جیاواز و خاڵی هاوبەش**

**بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.**




## پەندی ناوداران



**- فرانکلێن ڕۆزفۆڵت بۆ پیر و گەنجەکان دەڵێ:**

**گەنجێتی سندوقێکی داخراوە، تەنیا پیرەکان دەزانن چی تێدایە..**



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەکارەکانتا گرفت بۆ خۆت دروست مەکە، هەروەها لەبواری خۆشەویستیشدا هەوڵدە کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

گشت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەژیانتا ڕوودەدەن لەبەرژەوەندی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن ماوەیەکی باشە بۆبەستنی پێوەندی خۆشەویستی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەمرۆ پێوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یاخود لەگەڵ کەس و کارتدا بەرەو خراپی دەچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیان، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم ماوەیە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بە خەونەکانت بەهیواوە سەیری دواڕۆژ بکە، بۆ هەموو کەسێك دڵساف مەبە، چونکە هەموویان دۆستی تۆ نین تا خۆشی تۆیان بوێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەو پڕۆژانەی کە دەیخەیتە بەرچاوی دەوروبەرت دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت بەئاگادارییەوە بڕوانە پڕۆژەکەت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.

## نوکتە

- شوانێک حەز لەکچێک دەکات.. کچەکە دەڵێ باشە تۆ ئیشت چییە؟ ئەویش لەڕووی نایەت بڵێت شوانم، دەڵێ پێشانگای مەڕ و بزنم هەیە.

- مامۆستایەك پرسیار لە قوتابییەك دەکات: سوودی گوێ چییە بۆ مرۆڤ؟

قوتابی: مامۆستا گیان. گوێ ناهێڵێ چاوێلکە (عەینەك) بەربێتەوە.

